# پانۆرامای شەڕی ئازادی عێراق(سێیەمی کەنداو)

✿ بەرەبەیانی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٠ شەڕی رزگاری عێراق یاخود شەڕی سێیەمی کەنداو لە نێوان عێراق و هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا بەرپابوو، کە سەدام حوسێن بەهۆی ملنەدان و خوێندنەوەی هەڵەی پێشهاتەکان بووە سەبەبکاری هەڵگیرسانی، لە یەکەم رۆژی شەڕەکەشەوە رووداوەکان بەم جۆرە بەرێوەچوون هەروەک لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باسکرا.

* رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٧ دوا رۆژی ئەو مۆڵەتەبوو کە بە ئەنجوومەنی ئاسایش درا سەبارەت بە وەرگرتنی بڕیارێکی گونجاو دەربارەتی عێراق کۆببێتەوە. بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامەکانی کۆنەبۆوە، پاوڵیش رایگەیاند کە چارەسەری دبلۆماسی لە مەسەلەی عێراقدا بە کۆتا هات، هەروا رایگەیاند کە بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا لە سەعات (٤)ی بەرەبەیانی بەکاتی بەغدا و (٨)ی ئێوارە بەکاتی واشنتۆن وتەیەک پێشکەش دەکات و دوا هۆشداری دەداتە سەرۆکی عێراق.

* ٢٠٠٣/٣/١٨ (سەعات ٤ی بەیانی) بوش وتەکەی پێشکەش کرد و تیایدا یەک رێگەی ئاشتیانەی لەبەردەم سەرۆکی عێراق دانا کە ئەویش بەجێهێشتنی عێراق بوو لەگەڵ هەردوو کورەکەی و گەورە یاریدەدەرەکانی، ماوەی ٤٨ سەعاتیشی مۆڵەت پێدا.

* هەمان رۆژ ئەمەریکا داوای لە وڵاتانی دنیا کرد کە باڵیۆزخانەی عێراق لە وڵاتەکانیان دابخەن و دبلۆماسیەکانی عێراق دەربکەن، کە ئەوەیان دەست پێکردنی شەڕی دبلۆماسی بوو لە دژی عێراق بە مەبەستی سەندنەوەی شەرعییەت لەو رژێمە و دابڕینی لە تەواوی دنیا، ژمارەیەکی زۆریش لە وڵاتان بەدەنگ ئەو داواکارییەوە هاتن بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا.

* هەمان رۆژ عێراق پێشنیازەکەی بوشی رەت کردەوە و رێگەی شەڕیان هەڵبژارد.

* ٢٠٠٣/٣/١٩ پاش (٥) ساڵی سەدام حوسێن بۆ یەکەم جار بە جلی سەربازییەوە هاتە سەر پەردەی تەلەفزیۆن، کە ئەوە نیشانەی وەرگرتنی بڕیاری شەڕ بوو.

* هەمان رۆژ مەلیکی بەحرێن ئامادەیی پێشاندا وڵاتەکەی سەدام حوسێن و کورەکانی لە خۆبگرێت ئەگەر هات و لەماوەی دیاریکراودا عێراق بەجێ بهێڵێ.

* عەمرۆ موسا بە تەمابوو سەردانی بەغدا بکات بەڵام پاشان پەشیمان بۆوە. بە گوتەی خۆی پەشیمان بوونەوەکەی بۆ ئەوە بووە چارەسەری دبلۆماسی بە کۆتا هات. بەڵام



چاودێران پێیان وابوو لەبەر ئەوەبوو بەڵێنیان پێ نەدابوو کە دەتوانێ سەدام حوسێن ببینێ.

* هۆیەکانی راگەیاندن بە گەرمی بەوەوە خەریک بوون دوای ئەو ٤٨ سەعاتە چی روودەدات، بەرپرسانی ئەمەریکا سوکە ئاماژەیان دا بەوەی ئەگەری شەڕ زیاترە، چونکە هیچ ئاماژەیەک نیە دەری بخات سەدام حوسێن عێراق بەجێ دێڵێ.



**یەکەم رۆژی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٠**

سەعات (٥/٣٥ی بەیانی) یەکەم شاڵاوی ئاسمانی بۆ سەر کۆشک و تەلارەکانی سەدام حوسێن دەستی پێکرد و ئەو کۆشکە تەفروتوانا کرا، کە پێشتر ساجیدە لە ناوی دادەنیشت بەڵام کەسیان بەرنەکەوتن. بەڵام بۆردومانەکە بەو چڕییە نەبوو کە چاوەڕێ دەکرا.

سەعات (٦)ی بوش وتارێکی دا و تیایدا رایگەیاند کە شەڕی (ئازادی عێراق) دەستی پێکرد و ئەو شەڕەش کۆتایی نایەت تاکو کۆتایی بە سەدام و رژێمەکەی نەهێنن.

* سەدام حوسێن بە جلی سەربازییەوە وتارێکی پێشکەش کرد کە گومانی لێدەکرا هاوشێوەکەی بووبێت.

* پاش رۆژئاوا هێرشی زەمینی لە باشوورەوە بۆ سەر سەفوان و ئوم قەسر و بەسرە دەستی پێکرد.

* ئەمەریکا هەموو پارەوپولەکانی عێراقی کە لە بانکەکانی ئەمەریکا بوون جگە لە مومتەلەکاتی دبلۆماسی مسادەرە کرد. داوای لە وڵاتانی دیکەش کرد هەمان هەنگاو پیادە بکەن.

* سەدام بڕیاری دا پاداشتی گەورە بە هەر هاووڵاتییەک بدات ئەگەر سەربازێکی هاوپەیمانانی کوشت یان بە دیلی گرت یان فڕۆکەیەکی خستە خوارەوە. یان فڕۆکەوانێکی بەدیلی گرت. پاداشتەکەش بەپێی جۆری چالاکیەکە جیاواز بوو، لە (١٠) ملیۆنەوە بۆ (٥٠) ملیۆن دینار بوو.

**رۆژی دووەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢١**

* هێزەکانی هاوپەیمانان بەرەو ناسریە خشین.

* پەرلەمانی تورکیا رەزامەندی لەسەر بڕیارێک دا کە دوو خاڵی لە خۆ گرتبوو. ١- ئاسمانی تورکیا لەبەردەم فڕۆکەکانی هاوپەیمانان واڵا بکرێت. ٢- هێزەکانی تورکیا بێنە ناو کوردستانی عێراقەوە. بەڵام حکومەتی تورکیا و ئەمەریکا لەسەر ئەو مەسەلەیە کەوتنە ناکۆکیەوە. ئەمەریکا دەیویست رێگە بدرێ (٦٠) هەزار سەربازی ئەو لەناو تورکیا بڵاو بکرێتەوە بەڵام بڕیارەکە ئەوەی تێدا نەبوو، هەروا ئەمەریکا رازی نەبوو سوپای تورکیا بێتە ناو کوردستانی عێراقەوە.

* سەعات ٩ی شەو یەکەم پۆلە فڕۆکەی B 5 2 کە لە بەریتانیاوە هەڵسان بە ئاسمانی تورکیادا هاتنە ناو عێراقەوە و بەغدایان بە چڕی بۆردومان کرد. کە تا سەعات (٦)ی بەیانی خایاند. کۆشکەکانی کۆماری و بارەگاکانی گاردی کۆماری و ئیستخبارات و موخابەرات و وەزارەتە گرنگەکان بەرکەوتن، ئەوەی شایەنی باسە نە ئەمەریکا و نە عێراق ناوی ئەو شوێنانەیان ئاشکرا نەکرد. کە وەبەر بۆردومان دەکەوتن. هەر هەمان کات هاوپەیمانان رایانگەیاند کە هێرشی ئاسمانی حەقیقی دەستی پێکرد.

* هەمان رۆژ کەرکوک و موسڵیش بۆردومان کران.

* هێزەکانی هاوپەیمانان لە بەسرە نزیک بوونەوە.

* شەوی ٢١ لەسەر ٣/٢٢ سەعات ١٢/٣٠ بنکەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی و ئەنسارو ئیسلام لە خورماڵ و ئەحمەد ئاوا کەوتنە بەر شاڵاوی بۆردومانی فڕۆکە و موشەکی دوورهاوێژ،

مەکتەبی عەسکەری کۆمەڵی ئیسلامی و بارەگای هێزەکانی راپەڕین و سەفین و سەلاحەدین بەرکەوتن و ٣٥ کەسیان لێ کوژرا، دوو کەسیش لە جەماعەتی ئەنساروئیسلام کوژران.

**رۆژی سێیەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٢**

* بەغدا بە رۆژ بۆردومان کرا، کە ئەوە پێشهاتێکی تازە بوو لە پلانی شەڕ.
* دوای پێک نەهاتنی ئەمەریکا و تورکیا لەسەر مەسەلەی بەشداریکردن لە شەڕی عێراقدا، ئەمەریکا ئومێدی بەهاوکاریکردنی تورکیا نەما و بریاری دا واز لە هاوکارییە لۆجیستیەکانی تورکیا بهێنێ و دەستی کرد بە کێشانەوەی ئەو کەرەستە و هێزانەی لەوێ دایگرتبوون و بەرەو کوێتی بردن. بەو جۆرە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا کەوتە حاڵەتی بەرزترین پلەی گرژییەوە.
* بە قسەی تورکیا رۆیشتنی نەوتی عێراق بە رێگەی بەندەری جیهانی تورکی بۆ دەرەوە بەردەوامە.
* هاوپەیمانەکان رایانگەیاند کە ناسریە و بەسرە کەوتن، بەڵام نەچوونەتە ناو شارەکانەوە تاکو تووشی شەڕی لابەلای بەعسیە خۆبەخشەکان نەبن.
* لەناو شارۆچکەی ئوم قەسر لە هەندێ شوێن تەقەی لابەلایی لەلایەن ئەو بەعسیانەی ئامادە نەبوون خۆ بەدەستەوە بدەن بەردەوام بوو.
* شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ بەغدا جارێکی دیکە کەوتەوەبەر شاڵاوی بۆردومان، هەمان شەو بارەگاکانی ئەنساروئیسلام بۆردومان کرانەوە.
* مووسڵ بۆردومان کرا.

*** رۆژی چوارەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٣**

* شەڕ گەیشتە نزیکی نەجەف و بەرپرسی حیزبی بەعسی لە نەجەف لە شەڕدا کوژرا.
* کۆشکەکانی سەدام لە تکریت کەوتنە بەر شاڵاوی بۆردومان.
* خورماڵ بە رۆژ کەوتەوە بەر بۆردومان.
* هێرشی ئاسمانی و مووشەک بارانکردنی بەغدا بەردەوام بوو.
* بەسرە بۆردومان کرا.
* بوش تورکیای ئاگەدار کردەوە کە نابێ بێتە ناو کوردستانی عێراقەوە.
* یەکێتی ئەوروپا تورکیای ئاگەدار کردەوە کە نابێ بێتە ناو کوردستانی عێراقەوە.
* ئەڵمانیا و روسیاو فەرەنسا دژایەتی خۆیان بۆ هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق دەربڕی.
* تەلەفزیۆنی عێراق ژمارەیەک دیل و کوژراوی ئەمەریکای پیشان دا، بەریتانیا و ئەمەریکا ئەم رەفتارەی عێراقیان بە پێشێلکردنی رێکەوتنامەکانی جنێڤ لە قەڵەم دا.
* ئەمەریکا روسیای تاوانبار کرد کە ئامێری تەشویش دروستکردن لەسەر ئەقڵی رۆکێتەکانی بە عێراق داوەو شارەزا روسەکانیش لەکارپێکردنی ئەو ئامێرانە یارمەتی عێراق دەدەن. روسیا دانی نا بە فرۆشتنی ئەو ئامێرانە



بە عێراق لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی روسیاییەوە بەڵام رەتی کردەوە شارەزا روسیاییەکان یارمەتی عێراق بدەن لەکارپێکردنیدا.
* شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ کەرکوک و موسڵ بۆردومان کرا.
* هەمان شەو بۆردومانی بەغدا بەردەوام بوو.

**رۆژی پێنجەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٤**

* هێڵی تەماسی نێوان هەرێمی ئازادکراوی کوردستان و هێزەکانی رژێم لە دەوروبەری کەرکوک لە چەمچەماڵ و زورگەزراو بۆردومان



کران.
* هێزەکانی عێراق دژە هێرشێکیان کرد بۆ گرتنەوەی فرۆکەخانەی بەسرە بەڵام سەرنەکەوتن.
* شەڕ گەیشتە نزیک پردی زوبێر لە باشوور.
* بەرەبەیان شەڕگەیشتە نزیکی کەربەلا، هەلیکۆپتەرێکی جۆری ئەباتشی بە ساغی نیشتەوە. عێراقیەکان گوتیان جوتیارێک بە برنەو خستویەتیە خوارەوە بەڵام هەندێ لە چاودێران گوتیان بەهۆی کەموکورتی تەکنیکی بووە.
* بۆردومان کردنی کەرکوک و موسڵ بەردەوام بوو بەڵام بە پچرپچری. لەو رۆژەدا رەبیەکانی رژێم لە زورگەزراو ومنارە لە بانی مەقان و نزیک چەمچەماڵ بەر بۆردومان کەوتن.
* سەدام حوسێن بۆ دووەم جار وتاری داو تیایدا بەڵێنی دا سەر دەکەون. داوای لەسەربازەکانیشی کرد درێغی نەکەن لە کوشتنی سەربازەکانی هاوپەیمانان.
* هێرشی زەمینی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ ناو بەسرەو ناسریە بەمەبەستی تەواو گەمارۆدانی دەستی پێکرد. لە قوڵی بیابانیشەوە شەڕ گەیشتە هندیە.
* ئەمەریکا دووپاتیکردەوە رازی نییە سوپای تورکیا بێتە ناو کوردستانی عێراقەوە.
* راگەیەنرا کە کارگەیەکی چەکی کیمیاوی بە دووری (١٠٠) میل لە باشووری بەغدا دۆزراوەتەوە، بەڵام هاوپەیمانەکان گوتیان جارێ زووە ئەو مەسەلەیە باس بکرێ.
* تیمەکانی ئاگر کوژێنەوەی کوێت یەکەم بیری سوتێنراویان لە رمێلە کوژاندەوە.
* تۆنی بلێر پانۆرامایەکی شەڕەکەی لەبەردەم پەرلەماتی بەریتانیا پێشکەش کرد. لەو وتارەیدا تورکیای ئاگەدار کردەوەکە نابێ بێتە ناو کوردستانی عێراقەوە.
* شەڕ گەیشتە سەماوە.
* وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لە قاهیرە کۆبوونەوە بۆ باسکردنی مەسەلەی عێراق و لە بەیاننامەی کۆتاییدا داوایان لە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی کرد شەڕ رابگرێ و لەعێراق بچێتە دەرەوە، داواشیان لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد بە زووترین کات کۆببێتەوە.
* هەندێ موشەکی ئەمەریکایی لە سوریا و تورکیا و ئێران کەوتنە خوارەوە.
* تۆمی فرانکس لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ژمارەی سەربازە دیلەکانی عێراق گەیشتە (٣٠٠٠) سەرباز.هەروا گوتی (١٥)هەزار سەربازیش هەڵاتوون سوپایان بەجێ هێشتووە.
* ئەمەریکا بەرەسمی رایگەیاند کە هێزی تایبەتی ناردۆتە کوردستانی عێراق و بەرپرسێکیشی دامەزراندووە بۆ تەنسیق کردن لەگەڵ کوردی عێراق. هەمان رۆژیش مونەسیقەکە گەیشتە ناوچەکە و کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بەست و بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا بوونی ئەمەریکی رایگەیاند.
* زەلمای خەلیل زاد دوای تەواوبوونی دانوستان لەگەڵ تورکیا رایگەیاند کە لەگەڵ ئەنقەرە لەسەر (باکووری عێراق) هێشتا رێک نەکەوتوون.
* هەمان شەو بەغدا کەوتەوە بەر شاڵاوی بۆردومان.

**رۆژی شەشەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٥**

بەرەبەیان شەڕ لە بەغدا نزیک بۆتەوە و بە دووری (٧٠) کم شەڕ لەئارادایە.

* رەشەبایەکی خۆڵاوی هەڵیکرد و جموجۆڵی سوپای هاوپەیمانانی لە نزیک هندیە راگرت.

* تەها یاسین رەمەزان ئوردن تاوانبار دەکات بەوەی هەناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقی راگرتووە. هەروا گلەیی لە هەموو وڵاتانی عەرەبی کرد و بە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی وەزیرانی عەرەب نارازی بوو کە رۆژی پێشتر بەستراو بە لاوازی ناوبرد.

* سەدام داوای لە عەشیرەت و هۆزە عەرەبەکان کرد بەبێ چاوەڕێ کردنی وەرگرتنی فەرمان تەقە لەهەر سەربازێکی هاوپەیمانان بکەن.

* بەریتانیەکان رایانگەیاند کە بە تەواوەتی دەستیان بەسەر بەندەری ئوم قەسردا گرت.

* دیسانەوە بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆردومان کرا.

* لە باشووری بەسرە شەڕە دەبابە لە نێوان هەردوولا رووی داو ژمارەیەک دەبابەی عێراقی تێک شکان.

* موسڵ کەوتەوە بەر بۆردومان.

* گفتوگۆی نێوان ئەمەریکا و تورکیا بەردەوام بوو دەربارەی باکووری عێراق.

* هێزەکانی ئەمەریکا دوای شەڕێکی قورس لە ناسریە لە ئاوی فورات دەپەڕنەوە.

* بەهۆی رەشەبای خۆڵاوی دوو هەلیکۆپتەری هاوپەیمانان دەکەونە خوارەوە.

* بوش و بلێر گوتیان سەرەڕای ئەو گرفتانەی هاتونەتە پێش هێزەکانیان بەڵام بەپێی نەخشەی داڕێژراو دەچنە پێش.

* ئەمەریکا بەڵێنامە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی دەبەستێ بۆ چاککردنەوەی بەندەری ئوم قەسر ئەم کارکردە بێزاری کۆمپانیا بەریتانیەکان و ئەوروپیەکانی وروژاند.

* لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا تەقینەوە لەناو بەغدا و دەرەوەی بەغدا دەبیسترێ.

* عێراق موشەک لە کوێت دەگرێت و بە پاتریۆت دەخرێتە خوارەوە.

* فرۆکەیەکی ئەمەریکایی بە هەڵە لە بنکەیەکی موشەکی پاتریۆت دەدات.

* عەبدوڵڵا گول، عەمرۆ موسا دڵنیا دەکات کە نایەنە ناو کوردستانی عێراقەوە، هەروا سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیاش لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی عێراقی ئازاد نەهاتنیان دووپات کردەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەواڵەکان دەڵێن تورکیا مکوڕە لە هاتنە ژوورەوە و ئەوەش ئەمەریکای نیگەران کردووە.

* بوش داوا لە کۆنگرێس دەکات رەزامەند بێت لەسەر زیادکردنی بڕی ٧٥ ملیار دۆلار لەسەر بودجەی سوپا، بە قسەی مایرز ئەگەر کۆنگرێس ئەو پارەیان پێ نەبەخشێت ئەوا ئەو تەقەمەنیانەی هەیانە تەنیا تاکو مانگی ئایار بەشیان دەکات.

* باشووری بەغدا بە چڕی بۆردومان دەکرێ و ١٤٠٠ موشەکی لێ دەدرێ کە بە قسەی سەرکردایەتی هاوپەیمانان بەشی زۆری بۆ لێدانی سوپای گاردی کۆماری بووە.

* تۆنی بلێر بەڵێن بە عێراقییەکان دەدات کە ئەمجارە پشتیان لێ ناکەن و بە ئیجابییش ئاماژە بە ئەزموونی کوردستان دەکات و دەڵێت ئەو



سەرچاوانە بۆردومان کران کە مەترسیان بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکرد.

* بەغدا فەتوا بە مەرجەعیەتی شیعەکان دەردەکات کە سستانیش ئیمزای کردووە داوا لە موسڵمانان دەکەن دژی هاوپەیمانەکان بجەنگن و هێزی هاوپەیمانەکانی بە کافر دادەنێت.

* سعودیە دەڵێت پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی عێراق خستۆتە بەردەم عێراق و ئەمەریکا، بەڵام هەردوولایان بێ ئاگایی خۆیان لەو پرۆژەیە راگەیاند.

* ئەمەریکاییەکان تێکشکاندنی شەش ئامێری تەشویش دروستکردنیان راگەیاند، بەڵام عێراق بە درۆی خستەوە.

* هێزی پەرەشوتوانی هاوپەیمانان لەناوچەی بیابانی عێراق فرۆکەخانەیەک کۆنترۆڵ دەکەن.

* ئەمەریکا داوا لە جۆرجیا دەکات بنکە سەربازییەکانی بەکار بهێنێ و لەوبارەیەوە دانوستان دەکەن.

* بوش گوتی: لەم شەڕەدا بۆمبی زۆر پێشکەوتوو بەکار دەهێنین.

* جەنەراڵ مایرز گوتی: هێشتا شەڕی گەورە دەستی پێ نەکردووە.

* رامسفیلد گوتی: ئەوە هێشتا سەرەتای دەستپێکردنی شەڕە.

* ئەمەریکاییەکان پێیان وایە ئەوکاتەی دەگەنە بەغدا ئەنجا عێراق چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنێ.

* ئەمرۆش دەوروبەری کەرکوک بەتایبەتی لەلای هێڵی چەمچەماڵەوە بۆردومان کرا.

* سەرچاوەکانی هەواڵ لای ئێوارە رایانگەیاند کە خەڵکی بەسرە دژی دامودەزگاکانی رژێم راپەڕیون، بەڵام عێراق بە درۆی خستەوە، ئەمەریکاییەکانیش گوتیان دڵنیان نین لەو راپەڕینە، هاوکات رامسفیلد داوای لێکردن لەو کاتوساتەدا رانەپەڕن، چونکە هێشتا لە توانایاندا نییە، بیانپارێزن.

* عێراقیەکان بە سود وەرگرتن لە رەشەبای خۆڵاوی دژە هێرشێک لەلای کەربەلا ئەنجام دەدەن. بەپێی هەواڵەکان لەو شەڕەدا بەسەدان سەرباز و بەعسی کوژراون

* شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ (٣٠) بۆمب و موشەک لە بەغدا دراوە.

**رۆژی حەوتەمی شەڕ ٢٠٠٣/٣/٢٦**

* بەرەبەیان وەزارەتی راگەیاندن و دامەزراوی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی بەغدا و شەباب بۆردومان کراو پەخشی تەلەفزیۆنی سەتەلایت و شەباب لە کارکەوت. بەڵام پاش سەعاتێک کەوتەوە کار.

* ئەنجومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەبەستێ بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی عێراق.

* بلێر دەچێتە واشنتۆن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بوش.

* دەنگۆی راپەڕینی خەڵکی بەسرە پترە بڵاودەبێتەوە بەڵام هیچ سەرچاوەیەک تەئکیدی لێ ناکاتەوە.

* لە دەوروبەری نەجەف و کەربەلا شەڕێکی سەخت لە ئارادایە، ژمارەی کوژراو بریندار لە نێوان (١٥٠-٦٥٠) کەسە.

* ئەمەریکایی و بەریتانییەکان رایانگەیاند کە بەرپرسێکی گەورەی هێزی بەعسیان لە بەسرە دەستگیر کردووە.

* یەکەم کاروانی کۆمەکی مرۆیی کوێتی گەیشتە باشووری عێراق.

* لە ناسریە دوای شەڕێکی سەخت، هێزەکانی هاوپەیمان دوو پردی شارەکەیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە، لەناو نەخۆشخانەی شارەکەش ١٧٠ سەرباز بەدیل گیران وێڕای دەستگرتن بەسەر سەدان پارچە چەک و ماسکی دژە کیمیاوی.

* بە قسەی رامسفێلد ژمارەی سەربازە دیلەکانی عێراق گەیشتۆتە نزیکەی (٣٥٠٠) سەرباز و ئەفسەر.

* نیوەڕۆ بەغدا کەوتەوە بەر بۆردومان.

* دیسانەوە بنکەو بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام کەوتەوە بەر شاڵاوی بوردومان.

* دانوستانی نێوان ئەمەریکاییەکان و تورکەکان بەردەوامە و سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا رایگەیاند کە هێزی زیاتر بۆ کوردستانی عێراق نانێرن، ئەگەر لە چوارچێوەی هێزی هاوپەیمانان نەبێت.

* موسڵ و کەرکوک و رەبیەکانی سەر هێڵی تەماس لەگەڵ ناوچەی ئازادکراوی کوردستان کەوتنەوە بەر شاڵاوی بۆردومان.■